# Post-Genocide Social Reconstruction: A Case Study on the Experiences of Barzani Women
# A Descriptive-Analytical Research

Shahla Lateef Haji[1], Dilshad Sabri Ali[2]
Soran University

DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2583.10

Published:1/12/2025

*Abstract*

*This study is historical sociological research that examines an important and overlooked topic in our society: the life experiences and resilience of Barzani women following the 1983 genocide and their role in post-genocide social reconstruction. The primary objective of this research is to understand the crimes committed by the Ba'ath regime, including deportation and genocide against the Barzanis, as well as to comprehend the survival strategies employed by Barzani women in confronting oppression and persecution, and their specific approaches to protecting family and culture. To achieve this purpose, the study relies on Anna Masten's resilience theory, which focuses on adaptation and development in the face of adversity. The research adopts a qualitative methodology using a descriptive-analytical approach based on content analysis of twenty-six written sources, comprising historical books, master's and doctoral theses, and academic articles spanning from 1993 to 2023, all related to the Barzani genocide and particularly the role of women following the 1983 genocide. This research makes an important and novel contribution to understanding the impact of genocide on social change and the role of women in overcoming obstacles in post-genocide society. The findings of this study reveal that due to the genocidal killing of their men, Barzani women were able to assume new roles, transforming from traditional motherhood to family leadership and cultural preservation. Furthermore, this research highlights the importance of examining women's experiences in Kurdish society, particularly in post genocide conditions, and serves as a valuable resource for future researchers working in the fields of historiography and sociology.*

***Keyword***: *Barzani genocide, Barzani women, social roles, resilience, historical sociology.*

# دووباره بنیاتنانەوەی كۆمەڵگا دوای جنۆساید: لێكۆڵینەوەیەكی كەیسی لە سەر ئەزموونی ژنانی بارزانی

توێژینەوەیەكی وەسفی- شیكارییە

شهلا لطیف حاجی، پ. ی. د. دڵشاد صبری علی

زانكۆی سۆران/ فاكەڵتیی ئاداب/ بەشی كۆمەڵناسی و كاری كۆمەڵایەتی.

ئیمێل: shahla.haji@soran.edu.iq، dilshad.ali@soran.edu.iq

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەكی كۆمەڵناسی مێژووییە، لە بابەتێكی گرنگ و پشتگوێخراوی كۆمەڵگاكەمان دەكۆڵێتەوە، ئەویش ئەزموونی ژیان و خۆڕاگری ژنانی بارزانییە دوای پرۆسەی جینۆسایدی ساڵی ١٩٨٣ و ڕۆڵی ئەوان لە دووبارە بنیاتنانەوەی كۆمەڵگادا. ئامانجی سەرەكی ئەم توێژینەوەیە، تێگەیشتنە لە تاوانەكانی ڕژێمی بەعس وەک ڕاگواستن و جینۆساید بەرامبەر بە بارزانییەكان، هەروەها تێگەیشتن لە ستراتیژییەكانی خۆڕاگری ژنانی بارزانی لە ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم و چەوساندنەوە، ڕێگە تایبەتییەكانی ئەوان بۆ پاراستنی خێزان و كولتوور. بۆ ئەم مەبەستە پشت بە تیۆری خۆڕاگری لە ڕوانگەی ئانا ماستن دەبەستێت، كە تیشک دەخاتەسەر چۆنیەتی خۆگونجاندن و گەشەكردن لە بەرامبەر سەختییەكاندا. توێژینەوەكە پشت بە میتۆدی چۆنایەتی دەبەستێت و ڕێبازی وەسفی-شیكارییانە بەكاردەهێنێت، كە لە سەر شیكردنەوەی ناوەڕۆكی بیست و شەش سەرچاوەی نوسراو بنیاتنراوە، كە بریتین لە كتێبە مێژووییەكان، تێزەكانی ماستەر و دكتۆرا، و گوتارە ئەكادیمییەكان لە ماوەی ١٩٩٣-٢٠٢٣ كە پەیوەندیان بە جینۆسایدی بارزانییەكان و بە تایبەتی ڕۆڵی ژنان لە دوای جینۆسایدی ١٩٨٣ەوە

هەیە. ئەم توێژینەوەیە بەشدارییەکی گرنگ و نوێیە لە تێگەیشتن لە کاریگەری جینۆساید لە سەر گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، ڕۆڵی ژن لە بەرەنگاربوونەوەی ئاستەنگەکان لە کۆمەڵگەی دوای جینۆساید. لەم توێژینەوەیەدا ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون دەریدەخەن بە هۆی جینۆسایدکردنی پیاوەکانیان ژنانی بارزانی توانیویانە ڕۆڵی نوێ بگرنەئەستۆ و لە دایکایەتی نەریتییەوە بگۆڕن بۆ سەرپەرشتیاری خێزان و پاراستنی کولتوور. هەروەها ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتەسەر گرنگی لێکۆڵینەوە لە ئەزموونەکانی ژنان لە کۆمەڵگە کوردی، بە تایبەتی لە دۆخی پاش جینۆساید و دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژەرانی داهاتوو، کە لە ئاراستەی مێژوونوسی و کۆمەڵناسی کاردەکەن.

**کلیله وشەکان** :جینۆسایدی بارزانییەکان، ژنانی بارزانی، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، خۆڕاگری، کۆمەڵناسی مێژوویی.

## ١.١ پێشەکی

جینۆساید تاوانێکی نامرۆڤانەیە و یەکێکە لە خراپترین شێوازەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە گرووپێکی دیاریکراو. ئەم تاوانە تەنها کوشتنی بە کۆمەڵ نییە، بەڵکو هەوڵێکی پلاندارێژراوە بۆ لەناوبردنی بناغە کولتووری و کۆمەڵایەتی نەتەوەیەک، کە کاریگەری قووڵ و فرەلایەنی لە سەر تاک و کۆمەڵگە هەیە و دەبێتە هۆی تێکدانی بنیاتی کۆمەڵایەتی تەواوی کۆمەڵگە. لەم چوارچێوە گشتییەدا، نەتەوەی کورد بە درێژایی مێژوو لە لایەن ئەو وڵاتانەی داگیریانکردووە ڕووبەڕووی چەندین شێوازی جینۆساید بووەتەوە. ئەم شێوازانە تەنها لە کوشتنی ڕاستەوخۆی مرۆڤەکاندا نەبووە، بەڵکو شێوازی دیکەی وەک جینۆسایدی زمان و کلتوور، ژینگە و ناسنامە لەخۆگرتووە (سلێمان، ٢٠١٤: ٥).

بارزانییەکان بە هۆی ئەو شۆڕەش و خەباتەی ئەنجامیانداوە لە پێناو بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلی کوردستان، دەسەڵاتدارانی عێراق وا بیریانکردۆتەوە، کە بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ڕژێمی بەعس. بۆیە بە درێژایی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق تا کۆتایی سەدەی بیستەم چەندان جار ڕووبەڕووی ڕاگواستن و ئاوارەیی و جینۆساید بوونەتەوە. یەکێک لەو تاوانە نامرۆڤانە لە ساڵی ١٩٨٣ ئەنجامدرا بریتی بوو لە گرتن و بێسەروشوێنکردنی هەشت هەزار کوڕ و پیاوی بارزانی. لە دوای ئەم تاوانە، خێزانی جێماوەی جینۆسایدی بارزانییەکان لەو کۆمەڵگە زۆرەملێیانەدا لە دۆخێکی سەخت و پڕ مەترسیداری ژیانیان دەکرد. حکومەت وەک پێویست خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی پێشکەشنەدەکرد. لە لایەکیترەوە سەربازانی ڕژێمی بەعس نەیاندەهێشت هیچ یارمەتییەک پێیانبگات( بارزانی، 2016: ١١٤). هەروەها ڕێگەیان نەدەدا ئافرەتەکان لەو کۆمەڵگەیانە بچنە دەرەوە تەنانەت بۆ بازاڕکردنیش. بەڵام خەڵکی دەوروبەری کۆمەڵگەکان شەوانە بە دزییەوە خواردن و خواردنەوەیان پێشکەشدەکرد (میدل ئیست وۆچ، 1993: ١٠١).

دەتوانرێت بگوترێت، نەبوونی هاوسەر بە تەنها خەم و ئازاری کەسی بە دوای خۆیدا نەهێنا، بەڵکو بارگرانییەکی زۆری خستەسەر شانی ژنان بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی خێزان. سەرەڕای ئەم ئاستەنگانە، ژنانی بارزانی خۆڕاگرییەکی بەرچاویان نیشاندا. لە کاتێکدا لەگەڵ ئاستەنگە دەروونی، ئابووری، کۆمەڵایەتییەکان دەجەنگان، ئەوان بوون بە بەڕێوەبەری خێزان و ڕۆڵێکی چارەنوسسازیان هەبوو لە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەکەیان و پێگەیاندنی منداڵەکانیان. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر بە کەمی باس لە ئەزموونە ژیاوەکانی ژنانی بارزانی لە دوای جینۆساید کراوە. زۆرجار وەک قوربانییەکی ناچالاک باسدەکرێت، نەک کارەکتەرێکی چالاک و سەرەکی لە دووبارە بنیاتنانەوەی پێکهاتەی خێزان و کۆمەڵگەدا. لەم چوارچێوەیەدا، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیەکی کۆمەڵناسیانەیە لە ئەزموونی ژیانی ژنانی بارزانی،

تۆمارکردنی چیرۆک و ئەزموونی خۆڕاگریان و شیکردنەوەی ڕێگا تایبەتیەکانیان بۆ پاراستنی خێزان، کولتوور و بەهێزکردنی هاوبەندی کۆمەڵایەتی.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجانە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات، وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە: یەکەم، ژنانی بارزانی چۆن توانیان ڕووبەڕووی بارودۆخە سەختەکان ببنەوە و خێزان ڕابگرن لە دوای پڕۆسەی جینۆساید؟ دووەم، نەبوونی هاوسەر چ کاریگەرییەکی هەبوو لە سەر ڕۆڵ و بەرپرسیارێتی ژن لە ناو خێزانی بە جێماوەی جینۆسایدی بارزانییەکان؟

**١. ٢ میتۆدولۆژیای توێژینەوە، چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە**

**٢.١.١ میتۆدی چۆنایەتی**

لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی چۆنایەتی بەکارهاتووە. زانیارییەکان لە ڕێگەی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی سەرچاوە نوسراوەکانەوە کۆکراونەتەوە و بۆ شیکردنەوەی ئەنجامەکان میتۆدی وەسفی-شیکارییانە بەکارهاتووە. سەرچاوە بەکارهێنراوەکان بیست و شەش سەرچاوەن، کە بریتین لە کتێبە مێژووییەکان، تێزەکانی ماستەر و دکتۆرا و گوتارە ئەکادیمییەکان لە ماوەی ١٩٩٣-٢٠٢٣ کە پەیوەندیان بە جینۆسایدی بارزانییەکان و بە تایبەتی ڕۆڵی ژنان لە دوای جینۆسایدی ١٩٨٣ەوە هەیە. پڕۆسەی شیکردنەوەی زانیارییەکان بە سێ قۆناغ جێبەجێکراوە. لە یەکەم قۆناغدا هەموو سەرچاوەکان بە وردی خوێندراونەتەوە و زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە بابەتەکە دیاریکراون. لە دووەم قۆناغدا، زانیارییەکان بە پێی بابەتەکانیان پۆلێنکراون بۆ چەندان بەش: پێشینەی مێژوویی، پڕۆسەی جینۆساید، کاریگەری لە سەر ژنان، گۆڕانکاری لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێگاکانی بەرەنگاربوونەوە. لە سێیەم قۆناغدا شیکردنەوەیەکی ورد و بەراوردکارانە لە نێوان سەرچاوە جیاوازەکاندا ئەنجامدراوە بۆ دیاریکردنی خاڵە هاوبەشەکان و جیاوازییەکان لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان و لێکدانەوەکان. هۆکاری سەرەکی لە هەڵبژاردنی ئەم میتۆدە ئەوەیە، کە توێژەر دەیەوێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم سەرچاوانەوە شیکردنەوە بۆ

ئەزموونی ژیان و خۆڕاگری ژنانی بارزانی لە پێناو پاراستنی خێزان و کولتوور بکات. ئەم میتۆدە یارمەتی توێژەر دەدات، بەو ئامانجانە بگات، کە توێژینەوەکە هەوڵی بۆ دەدات.

### ٢.٢.١ تیۆری خۆڕاگری

ئەم تیۆرە باس لەو پرۆسە داینامیکییانە دەکات، کە تاکەکان بۆ گونجان و سەرکەوتن لە کاتە سەختەکاندا بەکاریدەهێنن. بە پێی ڕوانگەی ئانا ماستن، خۆڕاگری توانایەکی دەگمەن نییە، بەڵکو بەرهەمی سیستەمی ئاسایی گەشەی مرۆڤە، کە لە ڕێگەی هۆکارەکانی پاراستنەوە پەرەدەستێنێت (Masten, 2001: 1-9). لەم چوارچێوەیەدا تیۆری خۆڕاگری چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ شیکردنەوەی ئەو کردار و ستراتیژیانە دابیندەکات، کە ژنانی بارزانی بۆ بەرەنگاربوونەوی باردۆخە سەختەکان و دووبارە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە بەکاریانهێناوە لە داوی جینۆسایدی بارزانییەکان لە ساڵی ١٩٨٣. بە پێی تیۆری خۆڕاگری مرۆڤ دەتوانێت لە دوای ئەزموونی کارەسات و تاوانە گەورەکاندا بە سێ قۆناغ بەردەوام دەبێت: بمێنێتەوە، گەڕانەوە، پەرەبستێنێت (سلیم، ٢٠٢٢: ٣٥). لە کەیسی ژنانی بارزانیدا ئەم سێ قۆناغەش بە ڕوونی دەرکەوتووە. سەرەتا ئەوان ڕزگار بوون لە مردن و توانیان بژین (مانەوە)، پاشان چاکبوونەوە لە شۆکی جینۆساید (گەڕانەوە)، لە کۆتاییدا بوونە سەرپەرشتیاری خێزان و پارێزەری کولتوور، وەک ئاستێکی نوێ لە بەرپرسیارێتی بوو، کە پێشتر تەنها بۆ پیاوان تەرخانکرابوو (گەشەکردن).

سەرسەختی دەروونی بە سێ پێکهاتەکەی (کۆنترۆڵ، پابەندبوون، بەرەنگاری) لە ڕەفتاری ژنانی بارزانیدا بە ڕوونی دەبینرێت. کۆنترۆڵ لە بڕیاردانیان بۆ گرتنەئەستۆی بەرپرسیارێتی و دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان دەرکەوتووە. پابەندبوون، پابەندبوونیان بە ئامانجی پاراستن و پێگەیاندنی منداڵان و قوربانیدانیان بۆ پەروەردەی منداڵان پیشاندراوە. بەرەنگاری لە بینینی ئەم تاقیکردنەوەیە وەک دەرفەت بۆ پیشاندانی توانا و بەهێزبوون و

فێربوونی کارە نوێیەکان دەرکەوتووە. چەمکی "جادووی ئاسایی"ی ماستن کە دەڵێت، خۆڕاگری توانایەکی دەگمەن نییە، بەڵکو بەرهەمی سیستەمی ئاسایی گەشەی مرۆڤە، بە تەواوی لەگەڵ ئەزموونی ژنانی بارزانیدا دەگونجێت. ئەم ژنانە **هیچ توانایەکی لە دەرەوەی سنوورەکانی مرۆڤدا نەبووە،** بەڵکو توانا ئاساییەکانیان بەکارهێنا بە شێوەیەکی نوێ لە بارودۆخێکی ناچاریدا. ئەم توانایانە پێشتر لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا دەرفەتی کەمیان هەبوو بۆ دەربڕین، بەڵام بارودۆخی دوای جینۆساید زەمینەی بۆ ئەوە دروستکرد، کە ئەم توانایانە بخەنە بواری کردەییەوە.

## ٣.١ پێشینەی مێژوویی ڕاگواستنی بارزانییەکان لە کوردستانی باشوردا

### ٣.١.١ ستراتیژی ڕژێمی بەعس بۆ کۆنترۆڵی بارزانییەکان

بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافیای ناوچەی بارزان، کە کەوتۆتە باکوری پارێزگای هەولێر، گرنگی ئەم ناوچەیە و خەڵکەکەی لە زۆر ڕووەوە دەرخستووە. ناوچەکە سروشتێکی شاخاوی سەختی هەیە، بۆیە لە ڕابردوودا  بووەتە شوێن و پەناگەیەکی تۆکمە بۆ چالاکییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد، بارزانییەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە پێگە و ڕۆڵییان، لە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا هەبووە، لە هەندێک قۆناغدا سەرکردایەتیی بزووتنەوەکەیان کردوە و لە پێناو بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلەکەیان بۆ مافی چارەی خۆنوسین. هەربۆیە حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق و بە تایبەتی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس ئەو باوەڕەی لە لا دروست بوو، کە بۆ کۆنترۆڵکردن و نەهێشتنی مەترسییەکانی گەلی کوردستان، پێویستە ستراتیژیەتێکی هەمەلایەنە پەیڕەوبکات. یەکێک لە کاریگەرترین ستراتیژییەکان، ڕاگواستنی زۆرەملێی خەڵکی ناوچە کوردییەکان بوو، بە تایبەتی خەڵکی دەڤەری بارزان (مزویری، 2008: 197؛ هەمزە، ٢٠٢٣). مەبەستی ڕژێمی بەعس لە ڕاگواستنی بارزانییەکاندا چەند ئامانجێکی هەمەلایەنەی لەخۆگرتبوو لەوانە: دابڕینی هێزی پێشمەرگە بوو لە دانیشتوانی گوندەکان و لە پشتیوانی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەم گوندانە شوێنی

حەوانەوەی پێشمەرگەکان و سەرچاوەی دابینکردنی بژێوی ژیان و پێداویستییەکانیان بوون. ئەم ڕژێمە بەردەوام ترسی لەوە هەبوو، کە ئەگەر ناوچە کوردنشینەکان بە هێز بمێننەوە، زەمینەی سەربەخۆیی و جیابوونەوە بۆ کورد دێتەدی. بۆیە دەستیکرد بە ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندنشینەکان بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان کە لە ژێر چاودێری و کۆنترۆڵی تەواوی دەسەڵاتیاندا دابوون. لە لایەکی دیکەوە، ڕژێمی بەعس دەیویست ناوچەی بارزان لە کوردستانی باکور دابڕێنێت، لەبەرئەوەی ئەم ناوچەیە پردی پەیوەندی نێوان کوردستانی باشور و بە تایبەت ناوچەکانی گەڤەر، هەکاری و شەمزینان لە کوردستانی باکور بوو. ئامانجێکی دیکەی ڕژێمی بەعس لە ڕاگواستنی بارزانییەکان، لاوازکردنی بنەمای ئابووری ئەم ناوچەیە بوو. بارزانییەکان پێش ڕاگواستن، خەریکی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بوون و لە ڕووی ئابوورییەوە پشتیان بە خۆیان دەبەست. ئەم خۆبەڕێوەبەرییە ئابوورییە، دەبووە هۆی ئەوەی کە لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتیشەوە سەربەخۆتر بن. بەڵام بە گواستنەوەیان بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان، ئەوان لە کەسانی بەرهەمهێنەرەوە کران بە کەسانی بەکارهێنەر و فەرمانبەری حکومی، کە پشتیان بە حکومەت دەبەست بۆ بژێوی ژیانیان. لە لایەکی ترەوە ڕژێمی بەعس دەیویست هەوڵی گۆڕین و شێواندنی بنیاتی کۆمەڵگەی کوردی بدات، لە ڕێگەی چەندین ڕێککارەوە. ئەم ڕێککارانە بریتی بوون لە: لەناوبردن و سڕینەوەی کلتوور، داب و نەریتی کوردی، تێکدان و پچڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڕینی شێوازی ژیان لە لادێ بۆ شارنشینی زۆرەملێ و هەوڵدان بۆ پەروەردەکردنی نەوەی نوێی بارزانییە ڕاگوێزراوەکان بە پێی ئایدیۆلۆژیای بەعس. بەم شێوەیە، ڕژێم دەیویست کۆنترۆڵی هزر و جەستەی بارزانییەکان بکات، تاوەکو لە داهاتوودا نەبنەوە بە هەڕەشە بۆ سەر دەسەڵاتی ناوەندی (محەمەد، 2004: 113؛ سالح، ٢٠٠٩: ٦٩؛ ئیسماعیل، 2015: 59؛). دەکرێت بڵێین، ڕاگواستنی بارزانییەکان تەنها کردەوەیەکی سیاسی و سەربازی نەبووە، بەڵکو بەشێک بووە لە پلانێکی گەورە بۆ گۆڕینی بنیاتی کۆمەڵایەتی و کولتووری کورد.

ڕژێم هەوڵی دروستکردنی نەتەوەیەکی هاوبەشی داوە لە ڕێگەی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کوردەوە. **لەم چوارچێوەیەدا، دەتوانین تێبگەین،** ڕاگواستنی بارزانییەکان دەستپێکی **پرۆسەیەکی فراوانتر** بوو، کە ئامانجی کۆتایی هێنان بە کێشەی کورد بوو.

### ٣.١.٢ سیاسەتی ڕاگواستن و کۆنترۆڵکردنی بارزانییەکان ١٩٧٥-١٩٩٠

ساڵی 1975 ساڵێکی شوم بوو، لە مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کورددا. لەم ساڵەدا ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە نێوان عێراق و ئێراندا مۆرکرا، ئامانجی سەرەکی ئەم ڕێککەوتنامەیە لەناوبردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد بوو. بە پێی ئەم ڕێککەوتنامەیە، حکومەتی عێراق دەستبەرداری بەشێک لە کەنداوی عەرەبی بوو، لە بەرامبەریشدا شای ئێران چیتر هاوکاری سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی نەدەکرد. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی گەورەترین شۆڕشی کورد هەرەسبهێنێت و قۆناغێکی نوێ دەستپێبکات. مەینەتییەکانی کورد بە گشتی و بارزانییەکان بە تایبەتی لە کوردستانی باشور لە دوای ئەم ڕێککەوتنامەوە دەستیانپێکرد (سورمێ، ٢٠٠٦: ٨٨؛ نێروەیی، ٢٠٠٨: ٢٩؛ محەمەد، 2014: ٣٥).

لە دوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ئەیلول، بارزانییەکان جێگەی بایەخ و چاودێریکردنی حکومەتی عێراق بوون. بەردەوام لە لایەن دامودەزگا هەواڵگری و سەربازییەکانەوە چاودێری جموجۆڵەکانیان دەکرا. لەم چوارچێوەیەدا، حکومەتی عێراق بە بیانووی دروستکردنی پشتێنەی ئاسایش، هەزاران گوندنشینانی ناوچەی بارزان بە زۆرەملێ بۆ باشوری عێراق ڕاگواست. لە یەکەم قۆناغدا لە تشرینی دووەمی 1975 دەستی بە ڕاگواستنی بارزانییەکان کرد، کە پێکهاتبوون لە هۆزەکانی هەرکی بنەجە، نزاری، بەرۆژی، شێروانی و بەشێک لە مزورییەکان. ئەم خەڵکە بە فڕۆکە و ئیڤای سەربازی ڕاگوێزران بۆ ناوچە وشک و گەرمەسێرەکانی بیابانەکانی باشوری عێراق، لە پارێزگای قادسیە-دیوانییە لە قەزای عەفەگ. چوار کۆمەڵگە زۆرەملێیەکانی 1، 2، 3،

4 تاوەکو ساڵی 1980 تێدا نیشتەجێکران. لە دوای ڕاگواستنی خەڵکەکە، حکومەت دەستی بە سوتاندن و وێرانکردنی گوند و چاندنی مین لە ناوچەکانیان کرد (محەمەد، 2004: 131؛ مزویری، 2008: 200؛ محەمەد، 2014: 37).

بەگوێرەی بەڵگەنامەکان، حکومەتی عێراق لە نێوان ساڵانی ١٩٧٦-١٩٧٧ دوای ڕاگواستن و نیشتەجێکردنیان لە کۆمەڵگە زۆرەملێییەکاندا، دەستیکرد بە دامەزراندنی ژمارەیەکی زۆر لە بارزانییەکان لە فەرمانگە حکومییەکانی باشوری عێراق، وەک پاککەرەوە. ئەو بارزانییانەی وەک فەرمانبەر دامەزرێنران ڕاستەوخۆ خرانە ژێر چاودێری دەزگا ئەمنییەکان، بۆیە ناوەکانیان ڕەوانەی ئەمنی عامە دەکران، مەبەستی حکومەت لە دامەزراندنی ئەم بارزانییانە ڕاکێشانی هەست و سۆزیان بوو، هەروەها بەکارهێنانی سیاسەتی پەرتبوون و زاڵبوون بوو بۆ دوورخستنەوەیان لە لایەنگیرکردن بۆ شۆرش، ئامانجی سەرەکی کاڵکردنەوەی هەستی نەتەوایەتییان بوو (هەمزە، ٢٠٢٣: 49).

لە حوزەیرانی 1978 تاوەکو تەمووزی 1978، حکومەت دەستیکرد جێبەجێکردنی قۆناغێکی تری ڕاگواستنی بارزانییەکان. لەم قۆناغەدا هۆزەکانی شێروانی، مزوری باڵا، بەشێک لە هەرکی بنەجێ و گەردی بە ئۆتۆمبیلی سەربازی گوازرانەوە. ئەو گوندانەی ڕێگای ئۆتۆمبیلی نەبوو، وەک گوندی ئەرگوش و زێت بە فڕۆکە هەمویان ڕاگوێزران بۆ کۆمەڵگەکانی دیانا، هەریر، بەحرکە و گۆڕەتوو. بەگوێرەی ئامارە نافەرمییەکان، لەم پرۆسەیەدا دانیشتوانی 77 گوندی دەڤەری بارزان بەرشاڵاوی ڕاگواستن کەوتوون. پاش ڕاگواستنیان، گوندەکان بە تەواوی وێرانکران و بە T.N.T تەقێنرانەوە. مزگەوت، کەنیسە و قوتابخانەکان هەمویان سوتاندران و بە ئامێری بلدۆزەر بیناکان لەگەڵ زەوی تەختکران (بارزانی، ٢٠٠٩: 69؛ سالح، ٢٠١٧: 93).

صدام حسێن لە ١٧ی تەمووزی ١٩٧٩ دەسەڵاتی گرتەدەست و بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی ڕێککەوتنامەی جەزائیر و خۆ ئامادەکردن بۆ جەنگ لەگەڵ ئێران، تاڕادەیەک

سیاسەتی خۆی بەرانبەر بە کوردەکان گۆڕی. بۆ نموونە، حکومەت ڕەزامەندیدا لە سەر گەڕانەوەی کوردە ڕاگوێزرەوەکان لە باشوری عێراقەوە بۆ کوردستانی باشور، بەڵام لە سەرەتادا تەنها ڕێگە بە بارزانییەکان نەدەدرا بگەڕێنەوە. لەم چوارچێوەیەدا ئەنجوومەنی سەرکردایەتیی شۆرشی بەعس بڕیاریدا بە دروستکردنی 11000 یەکەی نیشتەجێبوون لە 29 کۆمەڵگەی زۆرەملێدا لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی و دهۆک (هەمزە، ٢٠٢٣: ٥٣).

سەبارەت بە چارەنوسی بارزانییەکان لە باشور و ناوەڕاستی عێراق، سەدام حسێن بڕیاریدا بە گەڕاندنەوەیان بۆ ناوچەکانی کوردستان. ئەم بڕیارەش لە ڕۆژنامەی هاوکاری لە 24ی ئەیلولی 1979 بڵاوکرایەوە. حیزبی بەعس بڕاردەیەکی دابوو بە بارزانییەکان هەرکەس نەگەڕێتەوە کوردستان پاداشت دەکرێت بە پێدانی خانوویەک لە پارێزگای دیوانییە، 300 هەزار دینار، هەروەها دامەزراندنیان لە دام و دەزگاکانی حکومەت. مەبەستی حکومەت بەعەربکردنی خەڵکەکە بوو، بەڵام سەرجەم بارزانییەکان پاداشتەکانیان ڕەتکردەوە بڕیاریاندا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان (سالح، ٢٠١٧: ١١٩؛ مستەفا، ٢٠٢٣: 54). ئەو بارزانییانەی لە کۆمەڵگە زۆرەملێیەکانی باشوری عێراق بوون بە ئۆتۆمبێلی سەربازی ڕاگوێزرانەوە بۆ کوردستانی باشور. لە کۆمەڵگە زۆرە ملێییەکانی قودس و قادسیە لە قوشتەپە نیشتەجێکران و ڕێگەیان پێنەدرا، بۆ گوندەکانی خۆیان بگەڕێنەوە. بەم جۆرە هەموو بارزانییەکان، جگە لەوانەی ئاوارە بوون یان لە شاخ و ئەشکەوتەکان دەژیان، هەمویان لە کۆمەڵگە زۆرەملێیەکاندا کۆکرانەوە و لە ژێر چاودێری توندی سەربازیدا بوون. دانیشتوانی ناوچەی بارزان لە دوای ئەم قۆناغانە بە شێوەی پچڕ پچڕ ڕاگوێزراون (بارزانی: ٢٠٠٩: ٧٢). بۆ نمونە، لە ساڵی 1982 دانیشتوانی شێروان مەزن بۆ کۆمەڵگە زۆرە ملێیەکانی سێبیران گواسترانەوە (سلێمان: ٢٠١٤: 36). هەروەها لەساڵی ١٩٩٠، دوایی بێسەروشوێنکردنی کوڕ و پیاوی بارزانییەکان، ڕژێمی بەعس جارێکی تر ئەو بارزانییانەی

لە ساڵی ١٩٧٨ ڕاگوێزرا بوون، بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێی گۆڕەتوو، گواستیانەوە بۆ کۆمەڵگەی شاخۆلان لە نزیک هەولێر (هەمزە: ٢٠١٧: ٣٣٩).

### ٣.١.٣ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان و گۆڕانکاری لە ژیانی ئابووری-کۆمەڵایەتی بارزانییەکان

دروستکردنی کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان، پلانێکی تری ڕژێمی بەعس بوو، دژ بە گەلی کورد بە تایبەتی کوردە لادێنشینەکان. ڕژێمی بەعس بە پاساوی ئەوەی گوندەکانی کوردستان پەرەسەندوو نین، بنکەی تەندروستی، قوتابخانە، تۆڕی ئاو و کارەبایان تێدا نییە، حکومەت پلانی گواستنەوەی گوندنشینەکانی خستە چوارچێوەیەکی پەرەسەندنەوە. ئەم پلانە پێی دەگوترا "اصلاح الزراعی" واتە چاکسازی کشتوکاڵی (بارزانی، 2009: 40؛ ئیسماعیل، 2015: 24).

مەبەست لە گوندە هاوچەرخەکان، ئەو کۆمەڵگەیانەن، کە حکومەتی عێراق لە دوای ساڵی 1975 دەستی بە دروستکردنیان کرد، بە مەبەستی نیشتەجێکردنی کوردە ڕاگوێزراوەکان. لەگەڵ ئەوەی ئەم گوندە هاوچەرخانە جیاواز بوون لە گوندە کوردییە ڕەسەنەکان، بەڵام لە نێوان خۆشیاندا لە هەر قۆناغێکدا جیاواز بوون. بە گشتی دەتوانین بڵێین: هەر خانوویێک لە دوو ژوور، چێشتخانەیەک، گەرماوێک، توالێت و حەوشەیەک پێکهاتبوو(محەمەد، 2004: 179).

مەبەستێکی تر لە دروستکردنی ئەم کۆمەڵگەیانە کۆکردنەوە و کۆنترۆڵکردنی گوندنشینەکان بوو. هەر لەبەرئەوەش بوو، ئەم کۆمەڵگەیانە لە نزیک سەربازگەکان دروستکرابوون، بۆئەوەی وەک زیندانێکی گەورە لە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێری خۆیاندا بن، بۆئەوەی هەر کاتێک ویستیان بە ئاسانی بتوانن دەستگیریان بکەن و لەناویان ببەن، هەروەها ڕێگەپێدراو نەبوو، کە ڕێکخراوە مرۆییەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانی سەردانیان بکەن، بە بیانوی ئەوەی ناوچەی سەربازین (سورمێ، ٢٠٠٦: ٩٤). بۆ بارزانییە ڕاگوێزراوەکان، کە پێشتر چیانشین بوون، ئەو بیابانانە شوێنی ژیان نەبوو، چونکە ژینگە و کەش هەوای گەرم پڕ لە تەپ و تۆز بوو. هەروەها ئاوی کەم و گەرم بوو، بەو هۆیەوە ڕۆژانە خەڵک دەمردن بە

تایبەتی ژن و منداڵ و کەسانی بەساڵاچوو( بارزانی، 2009: 41؛ ئیروانی، ٢٠١٣: ٣٠). لە لایەکیترەوە ژینگەی کۆمەڵایەتی گوند جیاواز بوو لە ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان. لە گوندا هەمویان خزم و ناسیاوی یەکتر بوون و هەمان وردە کولتووریان هەبوو، بەڵام لە کۆمەڵگە زۆرە ملێیەکاندا بە تەنها دانیشتوانی چەند گوندێکی لێ نەبوو، بەڵکو هەندێجار خەڵکی چەند خێڵ و ناوچەیەکی جیاوازی لێ بوو. بەمەش ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی جیاواز دروست دەبێت، کە تێکەڵەیەک لە وردە کولتوور لەو کۆمەڵگەیانەدا زاڵە. سەرەڕای ئەم جیاوازیانە، ئەم پێکەوە ژیانەیان بە تێپەڕبوونی کات، وای کرد، تێکەلاوییەکی زۆر لە نێوانیاندا دروست ببێت و دۆستایەتی و خزمایەتی لێ بکەوێتەوە (محەمەد، 2004: 195).

لە ڕووی ئابورییەوە بارزانییەکان لە کەسێکی بەرهەم هێنەرەوە، بوونە کەسێکی بەکاربەر. لەبەرئەوەی لە پێش ڕاگواستن زۆربەی بارزانییەکان لە گوندەکانی خۆیان جوتیار یان شوان بوون، خەریکی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری بوون، وەک زەوی داچاندن، بەخێوکردنی مەڕوماڵات. بە نیشتەجێکردنیان لە کۆمەڵگە زۆرەملێیەکاندا هیچ سەرچاوەیەکی داهاتی ئابوورییان لە بەردەستدا نەما، زیاتر پشتیان بەو کەل و پەل و خوراکانە دەبەست، کە مانگانە لە لایەن حکومەتەوە بەسەریاندا دابەشدەکرا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی دۆخی گوزەرانی دانیشتوانی کۆمەڵگەکان لە ژێر دەستی حکومەتدا بێت، زۆرجار ئەم لایەنە وەکو خالێکی بەهێز بۆ فشار خستنەسەر دانیشتوان بەکاردەهات (ئیسماعیل، 2015: ١٠٨; مستەفا، 2023: ٦٢). بارزانییە ڕاگوێزراوەکان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان دەستیانبەکارکردن کرد بۆ نموونە: هەندێکیان بوون بە فەرمانبەری حکومی، وەک کارگوزار لە دامەزراوە حکومییەکان کاریاندەکرد، هەندێکتریان بوون بە دوکاندار، شوفێر، کرێکار. هەندێکیانتریشیان بوون بە چەکداری حزبی بەعس. چونکە ڕێکخراوی حیزبی بەعس داوای لە دانیشتوانی ئەم کۆمەڵگەیانەی دەکرد، کە خۆیان لە ڕیزەکانی حیزبی بەعس ناونوسبکەن. ئەمەش لە ڕێگەی

فشارە جیاوازەکانی وەک: بەخشینی چەندان دیاری و هەروەها لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئامرازی ترس. هەتا ڕادەیەک بەعس لەمەدا سەرکەوتوو بوو. حزبی بەعس بە تەنها بەمە نەوەستا، بەڵکو ئەندامانی ناچارکرد، کاریان بۆ بکەن و بە بەردەوامی ڕاپۆرتیان بۆ بنوسن، لەم قۆناغەدا کەسانێک بوون بە سیخوڕ، بە هۆی ئەم سیخوڕانەشەوە کەسانێک لە سێدارەدران و کەسانێکی زۆریش دووچاری ئەشکەنجەی جۆراوجۆر بوونەوە. ئەم چاودێریکردنە ببووە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ و بێزاری لای دانیشتوانی ڕاگوێزراو (محەمەد، ٢٠٠٤: ١٩٢)

سەبارەت بە ڕەوشی تەندروستی و پەروەردە لە کۆمەڵگە زۆرەملێیەکاندا، خزمەتگوزارییەکان وەک پێویست نەبوون. سەرەڕای ئەوەی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نەخۆشی و پەتا تێیدا بڵاودەبوویەوە، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا تەنها یەک بنکەی تەندروستی دەکرایەوە. چەند کەسێک وەک پزیشک دادەنران، کە لە بنەڕەتدا پزیشک نەبوون، شارەزاییان لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکان نەبوو. کەمی قوتابخانە و پێداویستییەکانی خوێندن، دووری ڕێگای قوتابخانە، هەروەها خراپی باری گوزەرانیان بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە خێزانەکان منداڵەکانیان لە قوتابخانە دەربێنن و کاریان پێ بکەن (سورمێ، ٢٠٠٦: ٩٧؛ مستەفا، 2023: ٦٢).

محەمەد (٢٠٠٤، ٦٨-٦٩) پێیوایە، حکومەت بە مەبەست خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو، کارەبا، پەروەدە و تەندروستی بۆ گوندەکانی نەدەبرد، چونکە دەیتوانی بە گوژمەیەکی کەمتر ئەم خزمەتگوزارییانە پێشکەش بە لادێنشینەکان بکات. حکومەت لە کۆتایی پەنجاکاندا، تەنها لە چەند گوندێکدا قوتابخانەی دروستکرد، ئەویش لە ڕووی کەل و پەل، بینا و ماموستا، کەم و کوڕی زۆریان هەبوو. سەبارەت بە ڕەوشی تەندروستی زۆر لە ڕەوشی پەروەردە خراپتر بوو، چونکە لە هیچ گوندێکدا هیچ نەخۆشخانەیەک نەبوو، کاتێک کەسێک نەخۆش دەبوو، دەچوونە لای حەکیمی کوردەواری، کە داو دەرمانی لە گژوگیا دروستدەکرد، ئەم حەکیمانە جێگای ڕێز و متمانەی گوندنشینان بوو. (سورمێ، ٢٠٠٦: 91) سەبارەت بە نەبوونی خزمەتگوزارییەکان لە

گوندە کوردییەکان و مەبەستی حکومەت دەڵێت: نەبوونی ئەم خزمەتگوزارییانە لە گوندەکان ئەمە هەموو سیاسەتی حکومەتی عێراق بوو بەرامبەر بە کوردەکان، چونکە پێش ڕاگواستن دەیویست شەڕی دەروونی لەگەڵ گوندنشینان بکات. بۆ ئەم مەبەستە دەستی بە دروستکردنی کێشە و گرفتی کۆمەڵایەتی و کارگێڕی بۆ گوندنشینەکان کرد، وەک نە بوونی خزمەتگوزاری پەروەردەیی و تەندروستی زۆرجار لە نەبوونی داو دەرمانی پێویست یان نەبوونی پێداویستییەکانی نەشتەرگەری و پزیشکی کەسێک بە نەخۆشیکی سادە گیانی لەدەستداوە، ئەمەش بۆ ئەوە بوو، خەڵک لە ژیانی گوند بێزار بن و بە ئاسانی بە ڕاگواستن ڕازی بن. دەکرێت بڵێین: ئەم پێشینە مێژووییە لە چەندین دەیەی ڕاگواستن و چەوساندنەوەی سیستماتیکی پێکهاتبوو، زەمینەی گونجاوی ئامادەکرد بۆ تێگەیشتن لە کاریگەری جینۆسایدی ساڵی ١٩٨٣ لە سەر ژیان و ڕۆڵی ژنانی بارزانی. لەم چوارچێوە مێژووییەدا، ژنانی بارزانی پێشتر ئەزموونی ناچاری و دابڕان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییان هەبوو، بەڵام جینۆسایدی ١٩٨٣ گۆڕانکارییەکی قووڵتر و بنەڕەتیتری بە سەر ڕۆڵ و بەرپرسیارێتییەکانیاندا هێنا، کە لە بەشەکانی داهاتووی ئەم توێژینەوەیەدا بە وردی شیدەکرێنەوە.

## ٤.١ کاریگەرییەکانی جینۆسایدی ساڵی ١٩٨٣ و لە سەر ڕۆڵ و پێگەی ژنانی بارزانی

### ٤.١.١ پرۆسەی جینۆسایدی بارزانییەکان لە ١٩٨٣

سەرەڕای ئەو جینۆسایدانەی ڕژێمی بەعس بەرامبەر بە بارزانییەکان ئەنجامدا، وەک: وێرانکردنی گوندەکان، ڕاگواستن، نیشتەجێکردنیان لە کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان هەبوونی ژیانێکی پڕ لە ئازار و مەینەتی لەو کۆمەڵگەیانەدا، بەڵام سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، دەسپێکێکی پڕ لە تراژیدیا و دڵتەزێن بوو بۆ بارزانییەکان. چونکە لەم دەیەیەدا، بە پلانێکی دارێژراو لە چەند پرۆسەیەکدا، ڕووبەڕووی پرۆسەی جینۆسایدی ڕەگەزی بوونەوە، لە ساڵی

1983 هەوڵی پاکتاوکردن و لە ناوبردنیان چووە بواری کردەیی و پراکتیکییەوە (بارزانی: ٢٠٢١: 276).

پرۆسەی یەکەم: لە٣٠- ٣١ی تەمووزی ١٩٨٣دا، ڕژێمی بەعس بە دوو قۆناغ ئەم پرۆسەیەی جێبەجێکرد. قۆناغی یەکەم لە ٣٠ی تەموزی ١٩٨٣ بە دەستگیرکردنی بەشێک لە کەسایەتی و شێخانی بارزان دەستیپێکرد، کە بەشێکیان لە ئەندامانی ناو بنەماڵەی شێخانی بارزان بوون. قۆناغی دووەم لە بەرەبەیانی ٣١ی تەمووزی ١٩٨٣ هێزە سەربازی و ئەمنییەکانی حکومەت، بە ئۆپەراسیۆنێکی نهێنی و بە بەکارهێنانی هێزێکی گەورەی سەربازی، ڕژێم ئابلۆقەی کۆمەڵگە زۆرەملێییەکانی قودس و قادسیەی تایبەت بە بارزانییەکان لە قوشتەپەی پارێزگای هەولێردا. دوای پشکنینی ماڵەکان، تەواوی کوڕ و پیاوانی بارزانی، کە تەمەنیان لە سەروی دە ساڵ بوو دەستگیرکران، جگە لە ژنان و منداڵان (هەمزە، ٢٠٢٣: ٩٦)

پرۆسەی دووەم لە ١٠ی ئابی ١٩٨٣دا، هێزێکی گەورەی سەربازی و ئاسایش ئابلۆقەی کۆمەڵگەکانی بەحرکە، هەریر و دیانایدا. بە هەمانشێوازی پێشوو، تەواوی کوڕ و پیاوانی بارزانی، کە تەمەنیان لە سەرووی دە ساڵ بوو لەبەرچاوی خێزانەکانیان دەستگیرکران. ئەم قۆناغە بە شێوەیەکی توندوتیژانە جێبەجێدەکرا (نێروەیی، ٢٠٠٨: ٣٢٠؛ بارزانی، ٢٠١٦: ٢٥). ئامانجی ڕژێمی بەعس ئەوە بوو، مێردمنداڵ، کوڕ، پیاوانی بەساڵاچوو و پیاوی بارزانی نەهێڵێت، بۆیە لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٣دا، هێزەکانی ئەمنی و سەربازی بە شێوەیەکی وردتر ماڵ بە ماڵ کۆمەڵگەکانی (قودس، قادسیە)ی قوشتەپە و پیرمام پشکنی بۆ دەستگیرکردن و شوێن بزرکردنیان، ئەمانە ئەو کەسانە بوون، کە لە پرۆسەکانی پێشتر دەربازببوون (هەمزە، ٢٠٢٣: ١٠٣).

بە پێی سەرچاوە جیاوازەکان، لەم پرۆسەی جینۆسایدەدا هەشت هەزار کوڕ و پیاوی بارزانی دەستگیرکران و کۆمەڵکوژکران. بە پێی ئامارە نافەرمییەکان، ٣١٥ کەس لەوان منداڵ

بوون (سورمێ، ٢٠٠٦: ١٣٣). پاش چەند ڕۆژێک صەدام حسێن لە گرتە ڤیدیۆیەکدا دان بەوەدا دەنێت، بارزانییە دەستگیرکراوەکان هەموویان کوژراون (نێروەیی، ٢٠٠٨: 32١؛ . عزیز و محمدامین، 2017: 139). بە پێی هەندێک سەرچاوە، لە دوای گرتن و بێسەروشوێنکردنی بارزانییەکان تا ساڵی ١٩٩١، ڕژێمی بەعس بە بەردەوامی هەوڵی لەناوبردنی بارزانییەکانی داوە، وەک سالح (٢٠١٧: ٣٣٨) دەڵێت: ڕژێم بە بەردەوامی چاودێری وردی بارزانییەکانی دەکرد بۆ دەستگیرکردن و کۆمەڵکوژکردنی ژمارەیەکی زیاتری ئەوان. بۆ نموونە، لە دوای گرتن و بێسەروشوێنکردنی کوڕ و پیاوی بارزانییەکان لە کۆمەڵگە زۆرەملێیەکاندا، هەندێک لە خێزانەکان گەڕانەوە بۆ لادێکانی خۆیان. هەرچەندە بە هۆی بۆردوومانی تۆپ و فڕۆکەکان، هەروەها لەبەرئەوەی ناوچەکە مینرێژکرا بوو، ژیان لە لادێکانیان زەحمەت بوو. ئەوان بە شەوان کاریاندەکرد بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆیان، بە ڕۆژیش، لە پێناو پاراستنی گیانی خۆیان، لە چیاو و ئەشکەوتەکان خۆیان دەشاردەوە. دوای ئەوەی حکومەت هەستی بەوە کرد، کە گوندەکان ئاوەداندەکرێنەوە، بە بەردەوامی هێرشیان دەکردە سەریان، بۆ نموونە، لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٦-١٩٨٨ چەندینجار ناوچەی بارزان بۆردمانکراوە گوندەکان وێرانکراون. بۆیە ئەو خەڵکانەی گەڕابوونەوە ئەو دەڤەرە ئازادکراوانە، جارێکیتر ئاوارەی ئێران بوون.

لە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی ڕژێمی بەعس لە ٩ی نیسانی ٢٠٠٣دا، کەیسی بارزانییەکان خرایە بەردەم دادگای باڵای تاوانەکان. لە ٢ی ئازاری ٢٠٠٩دا، بۆ یەکەم جار لە چوارچێوەیەکی یاساییدا، ئەم تاوانە خرایە بەرباس. دواتر، لە ٣ی ئایاری ٢٠١١دا، دادگای باڵای تاوانەکان بڕیاری کۆتایی خۆی دەرکرد و گرتن و بێسەروشوێنکردنی بارزانییەکانی بە جینۆسایدی ناساند (محەمەد، ٢٠١٤: ٩٨؛ بارزانی، ٢٠١٦: ٢٤٩؛ سالح، ٢٠١٧: ٤٠٩). دەکرێت بڵێین: پرۆسەی جینۆسایدی بارزانییەکان لە ١٩٨٣دا نموونەیەکی ڕوونە لە بەکارهێنانی توندوتیژی ڕژێمی بەعس بۆ لەناوبردنی ناسنامەی بارزانییەکان. ئەم پرۆسەیەش بە پلانێکی ورد بە چەند قۆناغ

جێبەجێیکرد. بە هۆی گەورەیی و بەرزی ڕێژەی قوربانییەکانی، وەک یەکێک لە گرنگترین ڕووداوە تراژیدییەکانی مێژووی هاوچەرخی کورد دادەنرێت. دانپێدانانی فەرمی و ناسینەوەی یاسایی ئەم تاوانە، وەک جینۆساید، گرنگی ئەم ڕووداوە، لە مێژووی کوردستان و عێراقدا دەردەخات.

### ٣.٢ بەرەنگاربوونەوەی برسیەتی و چەوساندنەوە، خۆڕاگری ژنانی بارزانی لە کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان

دوای جێبەجێکردنی پرۆسەی جینۆسایدی بارزانییەکان ١٩٨٣، ژن و منداڵەکانیان بە تەنها لە کۆمەڵگە زۆرەملێیەکاندا جێهێڵدران. مەبەستی ڕژێمی بەعس لەم کردەوەیەدا دوولایەنە بوو: یەکەم، لەناوبردنی هێزی مرۆیی بارزانییەکان، و دووەم، تێکدانی شیرازەی خێزانیان. بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئامانجە، ڕژێم ژن و منداڵەکانی لە بارودۆخێکی سەختدا بەجێهێشت تاوەکو ئەوان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان پەنا ببەنە بەر ئەو کارانەی بە بەدڕەوشتی ئەژمار دەکرێت لە لایەنی کۆمەلایەتی (ئیروانی، ٣٦:٢٠١٣). دەشێ بڵێین گەورەیی ئەم تاوانە لە زۆری ژمارەی قوربانییەکان و وێرانکردنی گوندەکانیاندا نەبوو، بەڵکو لەو هەڵسوکەوت و شێوازە نامرۆڤانە بوو کە ڕژێمی بەعس بەرامبەر خێزانەکانیان دەکرد. هەر وەک سالح (2017: 156) دەڵێت: ڕژێمی بەعس لە سەر ڕاسپاردەی سەدام حسێن بەهیچ شێوەیەک ڕێگەی بە ژن و منداڵەکانیان نەدەدا بە ئارامی بژین، ئەوان بەردەوام لە ژێرچاودێری و ستەمی ڕۆژانەی دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی عێراقدا بوون. لەهەموو لایەکەوە فشاری بۆ دەهێنان، بۆ ئەوەی بە مردنێکی لەسەرخۆ بمرن، یان ناچار بن برۆن بۆ سنووری ناوچەکانی پێشمەرگەو لە سەر ئەوان ببن بە بار و کێشە بەسەریانەوە (سالح، 2017: 202). حکومەتی عێراق بەردەوام بوو لە گەڕان و دەستگیرکردنی ئەو بارزانییانەی لە پرۆسەکانی پێشتر دەربازببوون. هەروەها دەستگیرکردنی ئەو ژنانەی کە کەس و کاریان پێشمەرگە بوون و ژنە ڕوسیەکان ئەوانەی کە هاوسەرگیریان لەگەڵ هەڤاڵانی

بارزانی کرد بوو. هندێک لەوانە دەستگیرکران و ڕەوانەی ولاتەکانی خۆیان کرانەوە و لە منداڵەکانیان جیاکرانەوە ( مزویری، ٢٠١٠: ٧٩). ئەمەش ببووە هۆی دروست بوونی ترس و نائارامی لای ژن و منداڵەکانیان. سەرەڕای ئەوەی کە خێزانی جێماوەی جینۆسایدی بارزانیەکان لە بارودۆخێکی سەختی ژیاندا بوون، جارێکی تر حکومەتی بەعس لەساڵی ١٩٨٦ دەستی کرد بەڕاگواستنی زۆرەملێ ژمارەیەکی ژمارەیەکی زۆر لە ژن و منداڵەکان لە کۆمەڵگەی قوشتەپە بۆ هێڵە سنوورییەکان لە ناوچەی گۆڕەتوو لە مێرگەسور (هەمزە، ٢٠٢٣ : ١٢٠).

لە لایەکی ترەوە ڕژێمی بەعس دەستی بە برسیکردن و تێکدانی ڕەوشی ژیان و گوزەرانی خێزانی جینۆسایدکراوەکانی بارزانییەکان کرد، بۆ نموونە، لە دوایی پرۆسەی جینۆسایدی بارزانییەکان ساڵی ١٩٨٣، هاتووچۆکردن لەم کۆمەڵگەیانەدا سنووردار بوو. حکومەت، دەستی بە بڕینی ئەو بڕە خۆراک و خواردەمەنانە کرد، کە بە هاووڵاتییانی دەدا. هەروەها ڕێگری لەو ژنە بارزانیانە دەکرد، دەیانویست بە مەبەستی کرێکاریکردن ڕوو لە دەرەوەی کۆمەڵگەکانیان بکەن بۆ پەیداکردنی بژێوی ڕۆژانەی خۆیان و خێزانەکانیان. هەروەها ڕێگری گرتن و سزادانی ئەو کەسانەی خواردن و پێداویستییەکانی ڕۆژانەیان بە خێزانی بارزانییەکان دەفرۆشت یان هاوکاریان دەکردن بە هەر جۆر و شێوازێک بێت. بەڵام خەڵکی دەوروبەر شەوانە بەدزییەوە یارمەتیاندەدان. لەم بارەیەوە سالح (٢٠١٧: ٢٣٩) دەڵێت: یەکێک لەو کەسانەی بەردەوام یارمەتی خێزانی بە جێماوەی بارزانییەکانی دەدا، ناوی خضر قادر عمر بوو، کە بە حاجی خدر ناسراوە. ئەو خاوەن زەوییەکی کشتوکاڵی بوو لە نزیک کۆمەڵگەی قوشتەپە. دوایی دەستگیرکردن و بێ سەروشوێنکردنی کوڕ و پیاوی بارزانییەکان، داوا لە کوڕ و براو خزم و کەسەکانی دەکات، کە یارمەتی خێزانی جێماوەیی جینۆسایدی بارزانییەکان بدەن. حاجی خدر دوای ئەوەی دەزانێت، حکومەت ئاو و کارەبای لە کومەڵگای قوشتەپە بڕیوە، بڕیاردەدات کە ئاوی کارێزی گردمەلا بۆ شینایی و برنج بەکارنەهێنێت، بەڵکو هەموو ئاوەکەی خستەسەر جۆگایەک بۆئەوەی بچێت بۆ

ناو کۆمەڵگەکە و خێزانەکان سودی لێ ببین. هەروەها حاجی خدر بە بەردەوامی گەنم و برنجی بۆ ئەم خێزانانە دەنارد. بەڵام کاتێک پیاوانی ڕژێم بەو کارانەی دەزانن دەیگرن و ئازاری دەدەن. دوای ئازاد بوونیشی، ئەو هەر بەردەوام دەبێت لە یارمەتیدانیان چەندینجار بەرتیل دەدات بە پیاوانی ڕژێم بۆئەوەی جارێکی تر دەستگیرنەکرێت. بەردەوام دەبێت لە یارمەتیدانی خێزانی جێماوەی جینۆسایدی بارزانییەکان. ئەم نموونەیە ئاماژەیەکە بۆ هاوخەمی بەشێک لە خەڵکی هەولێر و دەوروبەری، سەرەڕای ترس و مەترسی سەربازانی ڕژێم، یارمەتی خێزانی جێماوەی جینۆسایدی بارزانییەکان دەدەن. بەڵام هندێکیان لە پێناو پاراستنی گیانی خۆیان و ترس لە پیاوانی ڕژێم، ئامادەی ئەم هاوکارییە نەبوون.

ئەم کۆمەڵگەیانە وەک زیندانێک بوو بۆ جێماوەی جینۆسایدی بارزانییەکان. حکومەتی عێراق دەستیکرد بە داخستنی بنکە تەندروستییەکان و پێنەدانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان وەکو کوتانی منداڵان و ئافرەتان لە کۆمەڵگا زۆرەملێیەکاندا. هەروەها ئەو ئافرەتانەی لە کاتی دەستگیرکردنی هاوسەرەکانیان دووگیان بوون بەبێ پێداویستییە پزیشکییەکان لەماڵەوە لە لای ئەو ژنانەی شارەزا بوون منداڵەکە لە دایک دەبوو (بارزانی، ٢٠١٦: ٤٢٥؛ سالح، ٢٠١٧: 162).

### ٤.١.٢ دایکانی بارزانی: گۆڕانی ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتی لە دوای جینۆسایدی بارزانییەکان١٩٨٣:

چەمکی دایکایەتی، یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە پێکهاتە و بەردەوامی خێزان و کۆمەڵگەوە هەیە. وەک دیاریدەیەکی جیهانی، دایکایەتی ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پەروەردەکردن و پێدانی سۆز و خۆشەویستی بە منداڵەکان. لە پێناسەیەکی گشتیدا، هەر ژنێک منداڵی ببێت پێیدەگوترێت دایک، بەڵام چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم ڕۆڵە و چەمکی دایکایەتی لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە. بوون بە دایک لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تر جیاوازە. لە کۆمەڵگەی کوردیدا، بە پێی کەلتوری بارزانییەکان،

کچان لە دوای هاوسەرگیریکردن و خێزان دروستکردن دەبن بە دایک و ئەمەش قۆناغێکی نوێی ژیانی ژنە. ئەم پێگەیە تەنها بەبوونی منداڵەوە بەدەست دێت. واتە، هەر ژنێک ئەگەر منداڵی نەبێت، نابێت بە دایک، ئەگەر لە هەر تەمەنێک و لە هەر شوێنێک بێت. سەرەڕای تەمەن و شوێنی ژیانی. کەواتە، منداڵ گۆڕان بە سەر دۆخ و کەسێتی ژندا دەهێنێت و ناسنامەیەکی نوێی پێدەبەخشێت (عوسمان، ٢٠٢٢: ١١٧– ١٠٧). لە لایەکی ترەوە عوسمان (٢٠٢١: ١) ئاماژە بەوە دەکات، کە دایک بەردی بناغەی خێزانە و لە پێناو بەخێوکردن، پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانی ئامادەی هەموو جۆرە قوربانییەکە، بە هەموو شێوەیەک پارێزگاری لە منداڵەکانی دەکات بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ پاداشتێک بێت. دایکایەتی زۆرجار سەرچاوەی خۆشەویستی و گرنگی پێدانە و دایک بەخشندەیەکی بێسنووری هەیە، کەواتە، دەتوانین بڵێین: دایک ڕۆڵێکی سەرەکی لە پەروەردەکردن و پێدانی سۆز و خۆشەویستی بە منداڵەکانی هەیە. بەڵام بە لەدەستدانی هاوبەشی ژیان، ئەرک و ڕۆڵەکانی دایک زیاتر دەبن، بە تایبەتی ئەگەر لە بارودۆخە سەختەکانی وەک هەژاری، جەنگ و ئاوارەبووندا بێت. لەم حاڵەتەدا، دایک ناچارە تەواوی ئەو بەرپرسیاریەتی و ڕۆڵانە هەڵبگرێت، کە پێشتر هی هاوسەری بوون. بۆ نموونە، ژنانی بارزانی لە داوی دەستگیرکردن و بێ سەروشوێنکردنی هاوسەرەکانیان، لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٨٣، چەندین منداڵ بێ باوک بوون، ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی بارزانی بێ هاوسەر مانەوە، ئەم تاوانە نامرۆڤانەیە، بووە هۆی تێکدانی بنیاتی کۆمەڵایەتی تەواوی خێزانە جێماوەکانی جینۆسایدی بارزانییەکان کە لەم کۆمەڵگە زۆرەملێیانەدا دەژیان.

کۆمەڵگەی پێش جینۆساید کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار بوو، ئێستاش تا ڕادەیەک وایە. هەر وەک (محەمەد، ٢٠٠٤ : ٦٥؛ ڕەئوف، ٢٠٠٥: ٧١) ئاماژەیان پێکردوە، کۆمەڵگەی پێش جینۆساید کۆمەڵگەیەکی پیاوسالار بوو. لەم کۆمەڵگەیەدا ڕۆڵە ڕەگەزییەکان بە تەواوی دیاریکراو بوون، ژنان ئەرکیان پەروەردەکردنی منداڵ، ئامادەکردنی خواردن، ئیش و کاری ماڵەوە و

چاودێریکردنی کەسانی بەساڵاچووی ماڵ بوو، لە بەرامبەردا پیاوان هەمیشە خاوەن دەسەڵات و بڕیار بوون، سەرۆکی خێزان بوون، ئەرکیان سەرپەرشتیکردن و دابینکردنی بژێوی ژیان و ئاسایش و پارێزگاریکردن بوو لە خێزان. بەڵام جینۆسایدی بارزانییەکان بووە هۆی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا. دایکانی بارزانی ڕووبەڕووی ئەرکێکی سەخت و چەندین نەهامەتی بوونەوە، لە دوای گرتن و بێسەر و شوێنکردنی هاوسەر، کوڕ، باوک و براکانیان لە لایەن ڕژێمی بەعسەوە. ئەوان ناچار بوون ڕۆڵی دووانە ببینن و ئەو ئەرکانەش بگرنەئەستۆ، کە پێشتر تەنها پیاوان پێی هەڵدەستان، بۆ بەردەوامیدان بە ژیان، پەروەردەکردنی منداڵەکانیان پشت بە خۆیان ببەستن. بۆ نموونە، یەکێک لە گرنگترین ڕۆڵە نوێیەکانی دایکانی بارزانی دوای جینۆساید بریتی بوو لە سەرپەرشتیکردن و پەیداکردنی بژێوی ژیانی خۆیان و منداڵەکانیان. ئەم ئەرکە زۆر سەخت بوو بۆ ئەوان، بە تایبەتی لە بارودۆخێکی سیاسی و ئابووری دژواردا. دایکانی بارزانی بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی منداڵەکانیان و دڵنیابوون لە مانەوەیان، پەنایان بۆ چەندان کاری قورس دەبرد (Sadiq & Fattah, 2022: 17). هەندێک لەم کارانە بە شێوەیەکی پێشینەیی مەترسیدار بوون بۆ سەر ژیانیان و هەندێجار بوونە هۆی گیان لەدەستدانیان. هەروەک سالح (٢٠١٧: ١٦٧) ئاماژە بەوە دەکات، یەکێک لە دایکانی بارزانی، کە خاوەن چوار منداڵ بوو، لە شارۆچکەی پردێ، کاتێک کاری بیناسازی دەکرد، لە کاتی ئیشکردن دیواری بلوکی بە سەردا ڕووخاو یەکسەر گیانی سپارد. هەروەها ئافرەتێکی تر بە ناوی شیرین مەلا هەمزە، کە خاوەن شەش منداڵی بچووک بوو، لە کاتی ئیشکردن کەوتە ژێر تراکتۆرێک و دوای هەشت کاتژمێر گیانی لە دەستدا. بەڵام دایکانی بارزانی سەرەڕای قورسی و مەترسییەکانی جۆری ئیشەکە بۆ سەرگیانیان، لە پێناو مانەوی منداڵ و خێزانەکانیان بەردەوام بوون لە کارکردن، بە بێ گوێدانە کولتوور و سەختی کارەکە. هەروەها یەکێک لەو گۆڕانکاریە گرنگانەی ڕوویدا، بریتی بوو لە شکاندنی سنوورە کولتوورییەکان. بۆ نموونە، کاتێک کەسێکیان

کۆچی دوایی دەکرد، هیچ پیاوێک نەبوو بۆ هەڵکەندنی گۆڕ و ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوو هاوکارییان بکات. ئافرەتەکان بەخۆیان ئەم ڕێوڕەسمەیان ئەنجامدەدا، کە بە پێی داب و نەریتی بارزانییەکان ئەمە ئەرک و ڕۆڵی پیاو بوو (بارزانی، ٢٠١٦: ١١٥ ؛ Sadiq & Fattah, 2022: 25). هەر وەک شێروانی (١٩٩٥: ٢٧) بە وردی ئاماژەی بە ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوو داوە لە لای بارزانییەکان. بە پێی داب و نەریتی بارزانییەکان، کاتێک کەسێک دەمرێت، ژنەکان دەچنە ماڵی مردووەکە، بۆئەوەی خەم و پەژارەی خۆیان بە گریان دەرببڕن، پیاوەکان لە مزگەوت یان لە ماڵی مردووەکە کۆدەبنەوە، بۆئەوەی ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوو ئەنجامبدەن، سێ جار تەرمەکە بە سەڵاوات لێدان تا ئەژنۆیان بەرزدەکەنەوە و لە سەر زەوی دادەنێنەوە. پاشان تەرمەکە دەبرێتە گۆڕستان، چەند پیاوێک سەرکردایەتی کاروانەکە دەکەن، وەک نیشانەی ڕێز و بەرپرسیاریەتی لە بەردەم تەرمەکەدا دەڕۆن. پێش ناشتن، کۆمەڵێک پیاو دەچنە سەر گۆڕستان بۆ هەڵکەندن و ئامادەکردنی گۆڕەکە. بە پێی داب و نەریتی بارزانییەکان لە کاتی ناشتنی مردوو ئافرەتان ناچن بۆ گۆڕستان. بەڵام لەدوای جینۆساید ئافرەتان بە خۆیان ئەم ڕێوڕەسمەیان ئەنجامدەدا، کە ئاماژەیە بۆ گۆڕانێکی گەورە لە ڕۆڵ و بەرپرسیاریەتییەکانی ژیان. دەکرێت بڵێین: سەرەڕای ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی دایکانی بارزانی بوونەوە، ئەوان توانییان ڕۆڵی پێشەنگی بگێڕن لە پارێزگاریکردنی خێزان و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە. ئەوان توانییان لە ڕێگەی خۆڕاگری و پشتبەستن بە خۆیان، ئەو ڕۆڵانەیانگێڕا، کە پێشتر تەنها بۆ پیاوان تەرخانکرابوون. ئەم گۆڕانکارییانە نەک هەر کاریگەری کورتخایەنیان هەبوو، بەڵکو کاریگەری درێژخایەنیان لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگەی بارزانی هەبووە. ئەم ئەزموونە نیشانی دایە، ژنانی بارزانی لە سەختترین هەلومەرجدا توانییان نەک هەر بەردەوام بن لە ژیان، بەڵکو بنەمای کۆمەڵگەی نوێش دابمەزرێنن. گۆڕانکارییەکان لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەیەکە بۆ توانای

گونجان و بەرەنگاربوونەوەی ژنانی بارزانی، کە بوونەتە نموونەیەک لە بەرگری لە ناسنامە و مێژوو لە بەرامبەر سیاسەتە ڕیشەکێشەکانی ڕژێمی بەعس.

### ٥.١ ئەنجامەکان

دوای خوێندنەوە و شیکردنەوەی سەرچاوەی ئەکادیمی و مێژوویی لە بارەی جینۆسایدی بارزانییەکان و ڕۆڵی ژنانی بارزانی، دەکرێت چەند ئەنجامێکی گشتی لەم ڕووەوە بخرێنەڕوو، لەوانە ئەم توێژینەوەیە ڕوونیکردەوە، کە ژنانی بارزانی لە دوای ڕاگواستن و چەوساندنەوەی سیستماتیک، ڕووبەڕووی تاوانێکی نامرۆڤانە بوونەوە، ئەویش ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٨٣دا ڕژێمی بەعس هەشت هەزار کوڕ و پیاوی بارزانی دەستگیرکران و شوێن بزرکردن. ئەم تاوانە بە پلان بۆداڕێژراو بە چەند قۆناغێک ئەنجامدرا، ئامانجی تەنها کوشتنی جەستەیی نەبوو، بەڵکو هەوڵێک بوو بۆ لەناوبردنی تەواوی بنیاتی کۆمەڵایەتی و کولتووری بارزانییەکان. بەڵام ئەم توێژینەوەیە دەریخستووە، ژنانی بارزانی لە بەرامبەر ئەم سیاسەتە ڕیشەکێشیەدا، وەک قوربانییەکی ناچالاک نەمانەوە، بەڵکو ببوونە کارەکتەرێکی چالاک و بەرەنگاربۆوە لە دووبارە بنیاتنانەوەی خێزان و کۆمەڵگە.

بارزانییەکان پێشتر ئەزموونی دابڕان لە سروشت و کولتوری خۆیان و ژیان لە ژێر چاودێری توندی ڕژێمی بەعسیان هەبووە، بە هۆی ڕاگواستنی زۆرەملێیان لە گوندەکانی خۆیانەوە بۆ کۆمەڵگە زۆرەملێیەکان. ئەم پێشینە مێژووییە بە سیاسەتی چەوساندنەوە و کۆنترۆڵکردن پێکهاتبوو، زەمینەی بۆ تاوانێکی گەورەتر ئامادەکرد، ئەویش گرتن و شوێن بزرکردنی هەشت هەزار کوڕ و پیاوی بارزانی بوو لە ساڵی ١٩٨٣دا. ژنانی بارزانی لەو کۆمەڵگە زۆرەملێیانەدا بێهاوسەر و منداڵانیان بێباوک مانەوە، لە بەرامبەر ترس و مەترسییەکانی ڕژێمی بەعس خۆڕاگرییەکی بێوێنەیان نیشاندا.

ئەم خۆراگرییە لە چەندین ڕووەوە دەرکەوت. لە ڕووی ئابوورییەوە ئەوان سنوورە نەریتییەکانیان شکاند و ئەو کارانەیان ئەنجامدەدا، کە بە هۆی داب و نەریتەوە کاری پیاوان بوو، وەک کاری بیناسازی و کڕین و فرۆشتن.  هەروەها چەندین کاری قورسیان ئەنجامدا و هەندێکیان مەترسیان بۆ سەر ژیانیان هەبوو، تەنانەت هندێکیان لە پێناو دابینکردنی بژێوی ژیانی منداڵەکانیان ژیانیان لەدەستدا. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ئەوان ڕۆڵی نوێیان گرتەئەستۆ، کە پێشتر تەنها بۆ پیاوان تەرخانکرابوون. وەک جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمی ناشتنی مردوو و بڕیاردان لە کاروباری گرنگی خێزانی. لە ڕووی کولتوورییەوە، ئەوان بوونە تاکە بەربەست لە بەردەم سیاسەتی بە عەرەبکردن و سڕینەوەی ناسنامە، چونکە زمان، داب و نەریت و بەهاکانی بارزانییان بۆ منداڵەکانیان گواستەوە. هەروەها لە ڕووی دەروونییەوە ئەوان بە پشتگیری یەکتری و بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان توانیان بە سەر کێشە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکاندا زاڵ بن.

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەریدەخەن. گۆڕانکاری لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان بە هۆی جینۆسایدەوە، نەک تەنها هەر ناچارییەک بوو، بەڵکو دەربڕینی توانا و لێهاتوویی نهێنی ژنانی بارزانی بوو، کە پێشتر لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاردا دەرفەتی نەبوو بۆ دەربڕین. ئەوان سەلماندیان، لە سەختترین هەلومەرجدا دەتوانن نەک هەر خۆیان ڕابگرن، بەڵکو ببنە بناغەی نۆژەنکردنەوەی کۆمەڵگەیەکی تەواو. ئەم ئەزموونە نموونەیەک بووە بۆ ژنانی دیکەی کورد و نیشانیدا، کە ژن دەتوانێت لە ڕۆڵی قوربانییەوە دەربچێت و ببێتە کارەکتەری چالاک و کاریگەر لە بەرەنگاربوونەوەی سیاسەتە ڕیشەکێشییەکان.

بە گشتی ئەم توێژینەوەیە، دەریخستووە، ژنانی بارزانی بە هۆی ئەزموونی قورس و درێژی ڕاگواستن و دوای تاوانی جینۆساید، توانیان ڕۆڵی تازە و گرنگیان لە پاراستن و بنیاتنانەوەی کۆمەڵگە بگێڕن. ئەوان نەک هەر ئامانجەکانی ڕژێمی بەعسیان شکست پێهێنا بۆ

لەناوبردن و ڕیشەکێشکردنی بارزانییەکان، بەڵکو ببوونە هێمای بەرەنگاربوونەوە و نموونەیەک لە توانای ژن وەک هێزی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کولتووری. ئەزموونی ژنانی بارزانی گرنگی ئەوە دەردەخات، کە بەرەنگاربوونەوە تەنها بە چەک و شەڕ نییە، بەڵکو بە پاراستنی کولتوور، گەشپێدانی خێزان و دووبارە بنیاتنانەوەی کۆمەڵگەشدا دەبێت.

**لیستی سەرچاوەکان**


- ئاریان روف عزیز و پشتیوان حەمە سعید محمدامین (٢٠١٧) دەستوەردانی مرۆیی لە پرۆسەکانی جینۆساید (جینۆسایدکردنی گەلی کورد بە نمونە). *گۆڤاری گەرمیان*، ١٢١-١٥١.
- بەفرین محەمەد ئیسماعیل (2015) *کۆمەڵگا زۆرەملێیەکانی پارێزگای هەولێر (1987-1991) توێژینەوەیەکی مێژوویی بەڵگەنامەییە*. تێزی ماستەر. زانکۆی سەلاحەددین.
- بەهرۆز بەکر عوسمان (٢٠٢٢) *ژنی کورد لە دیدی کوردناساندا ١٨٠٠- ١٩٥٠*. تێزی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.
- تەها سلێمان (٢٠١٤) *جینۆسایدی گەلی کورد ( پشکنین، ئامارو زانیاری، دیکۆمێنت)*. چاپی یەکەم.
- جەنگاوەر مستەفا هەمزە (2023) *سیاسەتی حکومەتی ئێراقی بەرانبەر بارزانییەکان*. تێزی ماستەر. زانکۆی سەلاحەدین.
- حامید گەوهەری (٢٠١٧) *مستەفا بارزانی پێشمەرگە و سەرۆک*. چاپی یەکەم، ستۆکهۆڵم-سوید، چاپخانەی ڕۆژ هەڵات.

- د. عەلی تەتەر نێروەیی (2008) *بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورد لە کوردستانی ئێراق لە ساڵەکانی جەنگی ئێراق و ئیران دا (1980-1988)*. چاپا ئێکێ, هەولێر, چاپخانا حاجی هاشم.
- ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی (٢٠٠٩) *ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی بارزانییەکان بۆ باشوری عێرا لە سەردەمی بەعسدا*. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی منارە.
- ڕێبوار ڕەمەزان بارزانی (2016) *جینۆسایدی باوکان*. چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی دارا.
- ڕێڤینگ مسعود سلیم (٢٠٢٢) *نەرمونیانیی دەروونی و پەیوەنیی بە بەختەوەری و ڕازیبوون لە پیشە لای ماموستایانی ئیدارەی سەربەخۆی سۆران*. تێزی ماستەر، زانکۆی سۆران.
- ڕێکارێ مزویری (2008) کۆچپێکردن و ڕاگواستن کۆکردنەوە لە ناو کۆمەڵگا زرەملێیەکاندا دەستەبسەرکردن و بێسەروشوێنکردن دۆزینەوەی گۆڕەکانیان و گەڕاندنەوەی ڕوفاتەکانیان بەڵگەنامەو دیکۆمێنت و نەخشەکان. کۆنگرەی بە جیهانناساندنی جینۆسایدی گەلی کورد. هەولێر. 26- 28ی کانونی دووەمی 2008. پرۆژەی ئەرشیفکردنی جینۆسایدی گەلی کورد. ژمارە: 3.
- ڕێکارێ مزویری (٢٠١٠) *ژنێن رۆسی و ڕاگواستن و ئەنفاک و کۆمکوژی*. چاپا یەکەم.
- فریاد ئیروانی (٢٠١٣) *کورد و جینۆساید، جینۆسایدی بارزانییەکان*. چاپی یەکەم، هەولێر، لەسەر ئەرکی وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاپ کراوە.

- عمر هەمزە سالح (٢٠٠٩) *ڕاگواستن (لێکۆڵینەوەیەکی جوگرافی و مێژوویی ڕاگواستنی زۆرەملێی گوندنشینەکانی کوردستان، پشدەر وەک نموونە).* چاپی یەکەم، دهۆک، چاپخانەی خانێ.
- عەدالەت عمر (2016) *بارزانییەکان لە ڕاگواستنەوە تاکو جینۆساید بە پێیی بەڵگەنامە فەرمی و مێژووییەکان.* شاری چەمچەماڵ، ڕۆژی 2016/4/4، یادە ئەنفال.
- عومەر محەمەد (2014) *کۆمەڵکوژی بارزانیەکان. قۆناغێک بەر لە ئەنفال.* چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی کەمال.
- مارف عومەر گول (2007) *جینۆسایدی گەلی کورد لەبەر ڕۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا.* چاپی چوارەم، هەولێر، کتێبخانەی گشتیی هەولێر.
- مامخان شێروانی (1995) *بارزان و ڕەچەڵەکی بارزانیان.* چاپی دووەم، ستۆکهولم.
- محەمەد ڕەئوف عبدالعزیز (٢٠٠٥) *ئەنفال و ڕەهەندە سۆسیۆلۆجییەکان.* چاپی یەکەم، سلێمانی، چاپخانەی تیشک.
- مراد حکیم محەمەد (2004) *ئاکامە کۆمەڵایەتییەکانی سیاسەتی ڕاگواستنی کورد لە ئێراق لەسەردەمی بەعس دا.* لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان.
- مەسعود بارزانی (2021) *بارزانی و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بەرگی چوارەم 1975-1990 شۆڕشی گوڵان بەشی دووەم.* چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ڕۆکسانا.
- میدڵ ئیست وۆچ (1993) جینۆساید *لە عێراقدا پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد.* و: محەمەد حمەصالح توفیق، چاپی دووەم، سلێمانی، چاپخانەی تیشک.
- نەرمین عوسمان (٢٠٢١) *دایک، لە نێوان ئەرکی پەروەردەکردن و بەخێوکردندا.* { ئۆنلاین }. ڕێکەوتی دوا سەردان 6 ئابی 2024 لە

14735https://mewdamedia.com/articles/

- هەژاری عەزیز سورمێ (٢٠٠٦) *کورد و جینۆساید و ئیبادەکردن هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی*. چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

- Sadiq, I., & Fattah, M. (2022) Gender roles and feminism: The experience of Barzani single mothers. *Review of Middle East Studies*, *56*(1), 40-55.
- Masten, A. S. (2001) Ordinary magic: Resilience processes in development. *American Psychologist*, *56*(3), 227.

## إعادة بناء المجتمع بعد الإبادة الجماعية: دراسة حالة حول تجارب النساء البارزانيات

## دراسة وصفية تحليلية

### ملخص

هذه الدراسة هي دراسة في علم الاجتماع التاريخي، تتناول هذه الدراسة بُعدًا تاريخيًا واجتماعيًا ذا أهمية كبيرة ظلّ إلى حدّ كبيرٍ مُهمّشًا، ألا وهو تجربة النساء البارزانيات ومقاومتهن بعد الإبادة الجماعية التي وقعت عام 1983م، والدور الذي قمنَ به في إعادة بناء المجتمع. يهدف البحث أساسًا إلى تسليط الضوء على جرائم نظام البعث، بما في ذلك التهجير والإبادة الجماعية التي تعرّض لها البارزانيون، والكشف عن استراتيجيات المقاومة التي انتهجتها النساء في مواجهة الاضطهاد، وطرائقهن الخاصة في حماية الأسرة وصون الهوية الثقافية. ويرتكز البحث على نظرية "المرونة" كما طوّرتها آنا ماستن، التي تركز على آليات التكيف والقدرة على الازدهار في ظل الظروف القاسية؛ ولتحقيق ذلك، اتبّع الباحث المنهج النوعي، بالاعتماد على الوصف والتحليل من خلال تحليل محتوى ستةٍ وعشرين مصدرًا مكتوبًا، تضم كتبًا تاريخية وأطروحات أكاديمية وخطابات علمية تغطي الفترة من 1993م إلى 2023م، والمتعلقة بالإبادة

الجماعية التي استهدفت البارزانيين. وتكشف نتائج الدراسة أن الإبادة الجماعية التي أودت بحياة الأزواج دفعت النســـاء البارزانيات إلى تحمّل أدوار جديدة، إذ انتقلن من دور الأمومة التقليدية إلى موقع ربات الأسر والحافظات للثقافة، كما تشدد الدراسة على أهمية التعمق في دراسة تجارب المرأة الكردية، لا سيما في سياق ما بعد الإبادة الجماعية، لتكون مرجعًا مهمًا للباحثين في مجالي التاريخ وعلم الاجتماع.

**الكلمات المفتاحية :**الإبادة الجماعية للبارزانيين، النســـاء البارزانيات، الدور الاجتماعي، علم الاجتماع التاريخي.